کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 3-6-2007 22:36

# کورد و دەستوور پرسیاری ئاڵای ئازادی و وەڵامی رۆشنبیران ... ئا: ئاسۆ- رۆژنامەی نێوەند

ڕەئوف ڕەباتی
پرۆژەی دەستوری کوردستان تائێستاش گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، ئەم گفتوگۆیانەش لەهەموو شتێك زیاتر پێویستن بۆ خاڵدانان لەسەر کەموکوڕیەکانی دەستووروو ئەو خەوشانەی تێیکەوتوون، ئەوەی لەو گۆشەیەدا دەیخوێننەوە هەرجارەی رای رۆژنامەنوسێکە



ئاڵای ئازادی: لە ماددەی (23) لە دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی خۆجێی رێژەیەك بۆ ژنان تەرخان بکرێت، ئایا ئەم خاڵە ناکۆك نییە لەگەڵ مادەی (21) کە دان بە یەکسانی ژن و پیاودا دەنێت؟

ڕەئوق ڕەباتی: بەلای منەوە ماددەی 23ی دەستوری هەرێم پێچەوانەی ماددەی 21 نییە، لەبەرئەوەی دەستنیشانکردنی رێژەی ئافرەتان بۆ ئەنجومەنەکانی شارەوانی و پارێزگا.. شتێکەو مافی یەکسانی ئافرەتان و پیاوان شتێکی دیکەیە، ئەو نیسبەیە پەیوەندی هەیە بە هەلومەرجو واقیعی هەرێم و هەلومەرجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە. بەدیویکی دیکەشدا پەیوەندی هەیە. بەئاست و توانای سیاسی و فکری و مەعریفی ئافرەتانەوە کە تائێستا وەك پێویست ئافرەتان خۆیان نەیانتوانیوە یان نەیانویستوە رێژەکەی خۆیان تەکمیلە بکەن و فشاری جدی و عەمەلی خۆیان بکەن بە پارسەنگی تەواوکردنی رێژەی بەشداربونیان..

ئاڵای ئازادی: یەك لە کێشەکانی دەستور ئەوەیە بە زمانی بێگانە نوسراوە، ئایا ئەمە تاچەند کەموکورتیە و رای تۆ لەو بارەوە چۆنە؟

ڕەئوف ڕەباتی: پێم وانیە نوسینەوەی دەستوری هەرێم تەنها بەزمانی عەرەبی بنوسرێتەوە. لەم مەسەلەیەدا پەلەنەکرێت باشترە، چونکە من دڵنیام بەزمانی شیرینی کوردی دەنوسرێتەوە و نوسراویشە لە زۆر رۆژنامەو گۆڤار و نامیلکەدا بلاوکراوەتەوە لە بەرئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا پێکهاتەی زمان و کلتور و ئەتنیە جیاوازەکان وجودیان هەیە. بەو زمانانەش دەنوسرێتەوە و دەخرێتە بەردیدەی خوێنەرانیو دەچێتە نێوەندە سیاسی و رۆشنبیری و ئەکادیمی و کلتورییە جیاجیاکان.

ئاڵای ئازادی: لەرەشنوسی دەستوردا زاراوەی ئاوەڵناو بەکارهاتووە وەك کوردستانی عێراق واتا کوردستان بە رووتی بەکارنەهێنراوە، ئایا نەدەکرا باشوری کوردستان بەکارهاتبا یا بەتەنها کوردستان بۆ ئەوەی نەبینە بەشێك لە عێراق؟

ڕەئوف ڕەباتی: ئێمە دەبێت واقعی و ئەقلانیانە بیر لەم جۆرە پرسانە بکەینەوە. ئێمە هەرێمێکین لە چوارچێوەی عێراقدا. بەپێی دەستور جاری سەربەخۆیمان نەداوە، بەڵکو قبوڵی سیستەمێکی فیدراڵیمان کردووە لە عێراقدا. لەبەرئەوە هیچ سەیر و عەجیب نییە ئەو جۆرە ئاوەڵناو و مورادیفانە بەکاربهێنین. کەواتە هۆکارەکەی لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسی و خواست و ئیرادەی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە. نەك حەزوخواست و ئیرادەی عێراقچێتی. ئێمە هەلومەرجی سیاسییەکەی ئەمرۆ فەرزی دەکات بەسەرماندا، هێندەی کە کوردستانین هێندەش بەئاگابین لەوەی کە لە عێراقیشدا دەور و کاریگەرێتی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆمان هەیە، ئەمەش بەو مانایە نا کە ئێمە عێراقچی بین، بەڵکو بەو مانایەی کە تائێستاش هەر هاومالێین.. !! خەونی دیکەشمان دەبێت، بەلام ئەوکێش بۆ هەلومەرجی گونجاوی خۆی هەڵدەگرین..

ئالآی ئازادی: ناوهێنانی تورکمان و ئاشوری و کلدان بە نەتەوە چۆن لێکدەدەیتەوە؟

ڕەئوف ڕەباتی: بۆ وەلآمی پرسیارەکان... من ڕام وایە و بڕواشم پێیەتی کە شتێك نیە بە ناوی کەمە نەتەوایەتی ئەو تەعریفەیەی ئێوە بۆ نەتەوە باستان کردووە هەمان تەعریفە دەبێت بۆ تورکێك و عەرەبێك و ئەرمەنێك و کلدو ئاشوریەکی بەکاربهێنن ئەوانیش نەتەوەن و بەشێکن لە گەلانی کوردستان، چونکە لە مێژوو لە خەبات و لە کلتور و لە حزوری ئەم خاك و خەڵکەدا بەشدارن کە پێی دەڵێن (کورد و کوردستان) پاشان لە بیرتان نەچێت.. (گەل) واتە (شعب) هەمیشە گەورەترە لە پێکهاتە و تەرکیبەی (نەتەوە) واتە (قوم) بۆیە هیچ کێشەیەکی سیاسی و یاسایمان بۆ ناخوڵقێنێت بە پێچەوانەوە پێویستە کێشە سیاسی و یاساییەکانی ئەوانیش بگریتە ئەستۆو بۆیان چارەسەربکەین.

ئالآی ئازادی: سەرەڕای بوونی کەموکوڕی لەدەستوردا، بەلآم جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە کارێکی پۆزەتیفە ئایا زەمانەتی جێبەجێکردنی هەیە؟

ڕەئوف ڕەباتی: لە هەموو جیهاندا و لە نێو دەسەلآتە سیاسی و ئیدارییە جیاجیاکاندا تەرجومەی تەواوی مادده و بڕگەکانی دەستور بەستراوەتەوە بەئیرادەی سیاسی و کۆمەلآیەتی و کلتوری خەڵکەکەوە لەسەر و هەموویشەوە بەستراوەتەوە بە خواست و نیاز و ئیرادەی دەسەلآتی سیاسییەوە کە پێویستە بەپشت بەستن بە ژیانی مەدەنی و موئەسەساتی و ئیرادەی یاسا دۆستییەوە، جێبەجێبکرێت.. پاشان مومکین نیە خەڵك بە پێی مادده دەستورییەکانی هەرێم ماف پارێزراوبێت و ئازادییەکان و ژیانی بۆ دابین کرابێت، بەلآم گوێڕایەڵی تەرجومەی دەستورنەبێت، بۆیە من دڵنیام ئەم هەرێمە دەبێت بە هەرێمی یاساپارێزی و بڕیاری عەقلآنی و خواستی پێشخستن و پێشکەوتنی دیموکراسی، چونکە ئیرادەی تەواو هەیە بۆ ئەو پرسانە و هەمیشەش لایەنی ئیرادە مرۆڤدۆستییەکان، بڵندتربوون لەلایەنی یاسا شکێنە پەرش و بلآوەکان.

ئا: ئاسۆ- ڕۆژنامەی نێوەند

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلآودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.